هەواڵگیری و ئاسایش دەستگیرکردنی چەند داواکراوێک و بازرگانانی ماددەی هەشبەری ڕاگەیاند

ئەمڕۆ چوارشەممە، بەڕێوبەرایەتی گشتی هەواڵگری و ئاسایش، دەستگیرکردنی چەند داواکراوێک، کە دیارترینیان بازرگانانی ماددە هەشبەرەکانن، لە چەند پارێزگایەك ڕاگەیاند.

بەڕێوبەرایەتییەکە لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: بەپێی زانیاری وردی هەواڵگری، مەفرەز مەیدانییەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی هەواڵگری و ئاسایشی وەزارەتی بەرگری، توانیان ژمارەیەك کەس دەستگیربکەن کە لەلایەن دادگاوە بە تەمەتی جیاجیا داواکراون، لەنێویاندا بازرگانانی ماددە هەشبەرەکان.

ئاماژەی بۆشکرد: ئەو کەسە داواکراوانە لە چەند پارێزگایەك دەستگیرکراون، لەوانە بەغداد و بابل و موسەننا و دیوانیە و میسان، و دەست بەسەر ماددە هەشبەرە جەراوجەرەکان و کەلوپەلی ماددە هەشبەرەکاندا گیراوە، ئەوە جگە لە دەستبەسەردا گرتنی چەکی سوك، و ڕونیشیکردەوە: تەمەتباران بەپێی یاسا ڕەوانەی لایەنە پێیوەندیدارەکان کراون.